**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- ڕاستکردنەوەی بەیانی ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەزارەتمان بە گۆرینی هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی (ڕاهێنانی پیشەیی) لە قەڵادزێ بۆ بەشی ڕاهێنانی پیشەیی لە ڕاپەرین سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەرێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەو دەڤەرە.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی (چاودێری پاشینە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە ژێر رۆشنایی ئەحکامەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣) بۆ چاودێری کردن و گرێنتی کردنی درێژەدانی خوێندنی نەوجەوانان دوای دەرچونیان لە چاکسازی.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) وە بەپێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٥١) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٩بریارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ سوود مەندبوونی خاوەن کار و کرێکارانی ئەم سنوورە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا و کارگە و شوێنکاری تێدایە.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**





**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧بریارماندا بە :

١- گۆرێنی هەریەک لە بنکەکانی (رانیە،هەڵەبجە، سۆران،زاخۆ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بۆ نووسینگەی سەربەخۆ لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو ناوچانە لەرووی کارگێریەوە بوون بە ئیدارەی سەربەخۆ .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٥٥٠) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ بریارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی هەڵەبجە) لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ سوودمەندبوونی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە تائێستا سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی پارێزگای سلێمانی بووە.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٥٥٢) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ بریارماندا بە :

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سەید صادق) لە ناو سەنتەری قەزای سەیدصادق لەبەر بەرژەوەندی گشتی و کارئاسانی کردن و خزمەتکردنی هاوولاتیان و کەم کردنەوەی رۆتین و بەدەمەوەهاتنی داواکارییەکانی هاوولاتیان لەو قەزایە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**